کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
12-8-2007 16:41بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**مەخموور لەبەردەم خۆپیشاندانیدا ... موحسین شوانی**

مەخموور

دوای پێپەربوونی زیاتر لەچوار ساڵ بەسەرروخانی رژێم وئازادکردنی قەزای مەخموور، کەچی دەستی ئاوەدانی وخزمەتگوزای بەشێوەیەکی وانەگەیشتۆتە ئەم شارەودانیشتوانی بەدەست کۆمەڵێك كێشەی وەك كەمی كارەبا وسوتەمەنی وئاوهتد.. دەناڵێنن، بەتایبەتیش دوای تەقینەوەکەی 2007/5/13ودروستکردنی ئەم هەمووديوارە لەنێوان هاووڵاتی وئیدارەو حیزبەکان کەبۆتە مایەی نیگەرانی وترسو دڵە راوکی وکێشەیەکی تر بۆهاووڵاتیانی ناوچەکە، لەئەنجامی ئەوهەموو گرفت وکێشانە، جەماوەری قەزایمەخموور تارادەیەك بۆمێد بوونەو بۆیە رۆژی یەكشەممە2007/8/5 كۆمەڵێك لەخەڵکی ناوچەکە لەمامۆستای ئاینی وریش سپی وفەرمانبەرو کاسبکارو مامۆستایان وگەنج وپێکهاتەیتربەمەبەستی نارەزایی وخۆپیشاندان سەردانی قائمقامیەتی قەزای مەخموریان کردو لەلایەن (بارزانی سید کاکە) قائمقامی قەزای مەخمور پێشوازیان لێکراو ماوەی دووکاتژمێر گفتوگۆوکەم وکورپەکانیان ئاراستەی ئیدارەکردو پێشیان راگەیاند ئەگەر لەماوەیەکی کورتدا داواکاریەکانیان جی بەجی نەکرێت رێگەی تردەگرنەبەرو رێپێوان وخۆپیشاندان دەکەن، لەبەرامبەردا بارزانی سید کاکە قائمقامی قەزای مەخمور دڵنیای کردنەوە کە ئەوەی لەدەستی بێت ولەتوانای ئیدارەی مەخمور بێت کەمتەرخەمی ناکات، بەڵام هەندی کەم وکوڕی وکێشە پەیوەندی بەئیدارەی موسڵەوە هەیە ولەدەسەڵاتی ئێمە دا بەدەرە، بەڵام هەوڵی جدی دەدەین وبەردەوام کێشەکانتان بەگوێرەی پێویست چارەسەر دەکەین ودەیگەیەنین بەسەرووی خۆمان، دوای ئەوەی جەماوەری نارازی گەیشتنە ئەوەی کێشەکانیان لەدەسەلاتی ئیدارەی مەخموربەدەرە، بڕیاریاندا سەردانی پارێزگای هەولێربکەن، بۆئەم مەبەستە هەشت کەسیان وەك ئەنجومەن ونوێنەری دانیشتوانی مەخمور دەست نیشان کردو رۆژی پێنج شەممە بەرواری 9/8/ 2007 کێشە وکەموکوڕیەکانیان ئاراستەی بەرێز (نەوزارهادی) پارێزگاری هەولێرکردوئەویش بەلێنی هەندێك لەچارەسەری کێشەکانیانی پێدان وچەختی لەسەر هاوکاری ئەم ئەنجوومەنە کردەوەو پاڵپشتی حکومەتی هەرێمی کوردستانی بۆناوچەکە دووپاتکردەوە وئەوەی خەڵکی ئەم ناوچەیەی زۆر نیگەران کردووە ئەوەیە کە پارێزگای هەولێر بەبیانووی ئەوەی مەخموور سەر بەموسڵە چارەسەری گونجاوی بۆنادۆزێتەوە،

بۆ زیاتر ئاگاداری کەم وکوڕی گرفت وسەردانی خەڵكەكە بۆلای پارێزگار ئەم کەسانەمان دوواند:

ئەندازیاری کشتوکاڵی، قارەمان قادر وولات ووتی:

کێشەی کشتوکاڵ بەتایبەتی خزمەتگوزاریەکان بەهیچ شێوەیەك لەموسڵ یارمەتی کشتوکاڵی مەخموور نادرێت وەك سوتەمەنی بۆ بیرەکان و پەینی کیمیاوی ودەرمانە قرکەرەکانی کێڵگەو بەبیانووی ئەوەی سەر بەهەولێرین.

وەهەروەها بەرێز مامند مجید نوێنەری جووتیاران بەم شێوەیە باسی لەکێشەکان کرد:

کۆمەڵێك کێشەی زەوی وزارو کەمی پێداویستی جووتیارنمان لەناوچەکە هەیە بەداخەوە تاکو ئێستا بەشێوەسەکی دروست چارەسەر نەکراوە، ئەمەش کاری کردۆتە سەر خەڵکی گوندەکان ونەگەرانەوەیان ویاخود چۆلکردنی.

مامۆستا مەلا عەلی سید رەمەزان ئیمام وخەتیبی مزگەوتی سید عومەر بەم شێوەیە هاتە ئاخاوتن:

بێگومان کەم وکوڕی هەیە وخەڵك نارازیە وبیستم لەم ماوەیەدا خەڵك لەبەرنەبوونی کارەباو ئاووسووتەمەنی مەخموور جی دێلن وبەرەو شوێنی ترو هەولێردەچن بۆیە پێویستە بەرپرسان بەزووترین کات چارەسەری کێشەکانیان بۆبکەن وخۆیان لەو خەڵکە دوور نەگرن وئەم ناوچەیە دەمێکە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ماندوو بی خزمەتە ولەسەردەمی رژێمی رووخاودا زۆر نارەحەتی ودەربەدەری دیوە بۆیە وەك ئەرکێکی ئاینی ونیشتمانی پێویستە بەتەنگ کەم وکوڕی وکێشەی هاوولاتیان بێن وچارەسەری گونجاویان بۆبدۆزنەوە لەبەرامبەریشدا هاوولاتیان یارمەتی حکومەت وئیدارەی بدات وبەهەمولایەك خزمەتی شارەکەو میللەت وئاووخاکی کوردستان بکەین.

شێخ عجیل بلباس ووتی:

سەبارەت بەشارەوانی لەرووی خزمەتگوزاری کەم وکوڕی کراوە شەقام وکۆلانەکان پڕن لەپاشماوەو زبڵ وتەجاوزاتی زۆری زەوی خانووکراوە، ئەمەش هەر حکومەت لی بەرپرسیارنییە بەڵکو هاوولاتیانیش بەشێکن لەم دروستکردنی کێشەکان وبەئومێدین بەپشتیوانی هەمولایەك چارەسەری بۆ کەمو کوریەکان بدۆزینەوە.

مامۆستا تەلعەت ابراهیم بەرێوەبەری دواناوەندی مەخموور ووتی:

جگە لەکۆمەلێك کێشەی ئاوکارەباو سوتەمەنی وکەمی خزمەتگوزاری کە بەداخەوە دەبوایە زوو چارەسەربکرابایە چونکە خەڵکی ئەم دەڤەرە خۆراگرو کوردپەروەرومانووبووە لەسەردەمی بەعس بۆیە پێویستە لەهەمووروویێك قەرەبۆبکرێتەوە، سەبارەت بەپەروەردەو فێرکردنیش بەرێزیان ووتی:

هەرچەندە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەردوای ئازادکردنی دەڤەرەکەمان بەرێوەبەرایەتی پەروەردەی مەخمور کردۆتەوە وخەڵکێکی زۆری دامەزراندووە وکاری باش کراوە، بەلام هێشتا کەم وکوڕی هەیە بەتیبەتی لەرووی بینایەی قوتابخانەکان، بۆنموونە ئێستا ئێمە لەیەك بینایە سی دەوامی تیدا دەکەین کە کۆمەڵێك گرفتی بۆدرووستکردوین، مەخموور تاکو ئێستا یەك باخچەی ساوایانی هەیە ولەگەرەکەکان قوتابخانەی سەرەتایمان زۆر پێویستە.

هاوڕی یوسف عەلی بوتڵێك ئاوی شێلوی لەگەڵ خۆیدا هێنابووە لای قائمقام ئاماژەی بەوەکرد کە خەڵکی مەخموور ئەم ئاوە دەخۆنەوە نەك هەر ئەوەش بەڵکو زۆر جار ئەو ئاوەش بەرناکەوی ولەماوەی چواررۆژ جارێك ئاو دابەش دەکرێت وپرۆژەی ئاوی سڵتان عبداللە وئاوی گاوەرە پێویستی بەنۆژەنکردنەوە هەیە.

لەکۆتایدا بەرێز یاسین شریف وەك کەسایەتێکی مەخموور گلەیی ئەوەی هەبوو کە زۆربەی بەرێوەبەرو بەرپرسان خەڵکی مەخموور نینەو کەچی ئێمە لەهەموو بوارەکان خەلچکی شارەزاو دەرچووی کۆلیژمان هەیە

لەکۆتایدا دانەیەك لەو یاداشت وداواکاریانەی پێشکەشی پارێزگاری هەولێریان کردبوو دا بە ئێمە

یاداشت

*****

شاری مەخموور ئەو قەزایەی تەمەنی لەهەشتا ساڵ زیاترەو بەرێوەبردنی هەرسی ناحیەی (قەراج، کەندیناوە، گوێر) لەئەستۆگرتووە، بەدووری 67کم کەوتۆتە رۆژئاوای پارێزگای هەولێرولەرۆژهەلاتەوەچیای قەرەچووغ باڵی بەسەردا کێشاوە، بەدووری 20کم کەوتۆتە نیچوان هەردووزیی گەورەو بچووك، مێژووی کۆنی ئەم شارە دەگەرێتەوە بۆسەردەمی سەرجۆنی ئەکەدی وشارستانیەتی (حسون –حلف) دوای دۆزینەوەی پاشماوەی کۆن کەدەگەرێتەوە بۆ هەزاران ساڵ، مێژووی نویچیشی لەسەدەی نۆزدەووەدەست پێدەکات لەسەر دەستی ئیبراهیم ئاغای دزەیی ئاوەدانکراوەتەوە، دانیشتوانی ئەم دەڤەرە بەدرێژایی ئەم میچژووە بێ بەش وسەرکوتکراون وبێ خزمەتگوزاری بوونە سەرەتا لەسەردەمی عوسمانیەکان ودوایش حکومەتە یەك لەدوایەکەکانی عێراق ودوایین نەهامەتی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ومالۆیرانبوونیش لەسەر دەستی بەعسیەکان دەست پێدەکات، بەهۆی فرەوانی ودەولچەمەندی ناوچەکە لەرووی کشتوکالچ ومالداری وسامانە سورشتیەکان بەتایبەتی نەوت بۆیە لەسالی شەستەوە یەکەم تالان وسوتان ودەبەدەرکردنی هاوولاتیانی کوردی مەخموور لەسەردەستی (حرس قومی) وبەعسیەکان بوو، هەشتاکانیش شالاوی تێکدانی گوندەکان گرتن وزیندانی رۆلەکانی بەهۆی بەشداری لەشۆرش وکوردایەتی ونەبەردی وچالاکی وشەهیدەکانی دەشتی قەراج وکەندێناوە قەرەچووغ گەواهی دەرن و نەوەدەکانیش زەوت کردنی زەوی وزاری جوتیاران وکوشتن وئاوارەکردنیخەلکەکەوبی بەشکردنیان لەهەموو شتیچك بەتایبەتیش سیاسەتی نەگریسی تەعریب بەشێوەیەکی زۆردرندانە لەم دەڤەرەدا پەیرەوکرا، تاراپەرینی بەهاری 1991 وەك سەرجەم شوێنەکانی کوردستان رزگارکراوبەلام بەداخەوە تەنیا 18رۆژ ئازادی بەخۆیەوە بینی لەگەل کۆچ رەودا کەوتەوە ژێردەستی رژێمی بەعس وبەپالپشتی سوپاوهەندی عەشایەری عەرەبی دەورووبەرودووبارەو تالان وسوتێنرایەوە دەیان رۆلەی بوونە قوربانی ولەوساتەوەلەکوردستان دابراوتاپرۆسەیئازادی عێراق بۆیە دیکتاتۆر وەك تۆلە سەندنەوە لەکوردوناوچە ئازادکراوەکان بەدژوارترین شێوە کەوتبووە گیانی بێدیفاعی خەلی مەخموور لەهەمووخزمەتگوزاری وخوێندنی کوردی وکرین وفرۆشتنێك زەوی زارو تا وای لێهات ناوی تابلۆی دوکانەکانیش لەکوردیەوە بکاتە عەرەبی، دوای تێپەربوونی زیاتر لە چوار سال بەسەر رووخانی رژێمیبەعس وسەدام شتێکی وابەرچاوی بۆنەکراوە جی بیاس بێت، هەرچەندە دانیشتوانی مەخموور زۆر ئومێدیان بەحکومەتی هەرێمی کوردستان بوو، بەلام بەداخەوە مەخموور لەگوندێکی ویان دەچێت، بەدەست دەیان کێشەو کەم وکوری دەنالێنی وچەندین جاریش بەرپرسانی حکومی وحیزبی بەلێنیان بەدانیشتوانی مەخموور داوە بەلام بەداخەوە بەلێنەکان هەر سەرزارەکی بوون لەم ماوەیەدا تەنیا (قوتابخانەیەك ومزگەوتێك وهۆلی بۆنە ئایینەیەکان) جگە لەوە دانیشتوانی ئەم ناوچەیە لەنێوان دووئیدارەی موسل وهەولێر گیریان خواردووە هیچیان بۆنەکراوەو هەردوولابەبیانووی سەر بەئەوی تر مەخمووریان پشت گوی خستووە!بۆیە هاوولاتیان تەواو بێزارو بی ئومێد بوونە ورەنگە ئەو نائومێدیە چاوەروانی کاردانەوەی سەلبی لێبکرێت، خەلکی ئەم دەڤەرە چاوەرییجێ بەجێکردنیئەو بەلێننانەن کە پێش هەلبژاردنی عێراق پێیان درابوودەنگیان دا بە (730) وئێستاش داواکارن کەم وکوریەکانیان بۆچارەسەر بکەن.

داواکارییەکانی دانیشتوانی قەزای مەخموور

---------------------------

1. چارەسەرکردنی کێشەی سووتەمەنی:دابینکردنی نەوت وبەنزین وگازبۆکارپێکردنی پرۆژەی ئاوی گاوەرەومولیدە ئەهلیەکان وبری هاوولاتیان.
2. چارەسەرکردنی کێشەی کارەبا:دۆزینەوەی ئالییەتێك بۆچارەسەرکردن ودابینکردنی بری کارەبای پێویست بەهەماهەنگی لەگەل ئیدارەی موسل یان هەر هەولێکی تر.
3. چارەسەرکردنی کێشەی ئاو:نۆژەنکردنەوەی پرۆژەی ئاوی سلتان عبداللە وبۆری نێوان مەخموور وگوندی عەلیاوە کە 11کم، نۆژەنکردنەوەی تۆری بۆریەکانی ناوشاری مەخموور چونکە زۆر کۆنەوبەکەلی بەکارهێنان نەماون وئاو پیس وشێلوو پرنەخۆشی یە.
4. کێشەی (مواد غزائی) : چارەسەرکردنی کەمی ونەهاتنی بری پێویستی کەلو پەل وخواردەمەنی مانگانە کە زۆر بەکەم وکوری دەگاتە مەخموور.
5. کۆنکریتکردنی کۆلانەکان ودروست کردنی زێراب وئاوەرۆ.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

6. لابردنی دیوارەکانی ئیدارەو حیزب وکردنەوەی ڕێگای بەردەم قائمقامیەت وبازار کەبۆتە ترس ودڵەراوکی ی هاووڵاتیان ومتمانە کزبوون بەحکومەت وحیزب.

7. قیرتاوکردنی ڕێگای سەرەکی مەخموور-هەولێر کەزۆرکۆنەو بەهۆی ئەو سەدان تەنکەرەنەوتانەی ڕۆژانە هاتووچۆی تێدا دەکەن. دڵۆپێکیش بەشی مەخمووری لێنادەن

وقیرتاوکردنی ڕێگای نزیك سایلۆ وگەرەکی شەهیدان کە ئێستا بۆتە ڕێگای سەرەکی هاتووچۆی ئوتومبێلەکان.

8. دابەشکردنی زەوی بەسەر مامۆستاو فەرمانبەروکاسبکار بەگوێری خزمەت بەبی جیاوازی ودەست تێوەردانی حیزبی.

9. قەرەبۆکردنەوەی ئاوارەکان وخەڵکی گوندەکان وئاوەدانکردنەوە یارمەتی جووتیاران وپرۆژەی کشتوکاڵی.

10. چاودێری کردنی بەردەوامی ئیدارەی مەخموور وبەڕێوەبەرایەتیەکان وبەتایبەتی سایلۆ ...

11. سەردانی کردنی مەخموور ولەنزیکەوە ئاگاداری کەم وکوڕی وکێشەی هاووڵاتیان وگوی گرتن لەخەڵکی دڵسۆزوخەمخۆری شارودوور لەدەست نیشانکردنی کەسانی حیزب.

12. پرۆژەوئاوەدانکردنەوە بۆ هەرسی ناحیەی قەراج وکەندیناوەو گوێر. بەتایبەتی ناحیەی قەراج.

13. دانانی خەڵکی ناوچەکە لەئیدارەو بەڕێوەبردنی ئیش وکاری خەڵك، چونکە زۆربەی کاربەدەستانی ئیدارەو حیزبی لەدەرەوەی مەخمووردێن ودرەنگ دەگەن وزووش دەگەڕێنەوە فریایی هەڵسوراندنی ئیشوکاری هاوولاتیان ناکەون.

14. سۆراغ وبەدواداچوون بۆ گیراوەکان کە بەگومانی دەست هەبوون لەتەقینەوەکەو کوشتنی ڕەیانی تەمەن هەشت ساڵدا لەلایەن پۆلیس وئاسایشەوە گیراون.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.